# رادیۆی دەنگ

## یەکەی رۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ

## راپرسی لەبارەی:

# ئاستی بەشداریی ژنانی گەرمیان لە حکومەت دا

تەموزی 2019

## 1. پێشەکی:

یەکەی ڕۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ لە ڕادیۆی دەنگ، یەکەیەکی تایبەتە بە گرنگییدان بە ڕۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ و ئەو بابەتانەی کە مرۆڤ تیایدا چەق دەبن، ئیتر چ لە ڕوی چالاکی ڕۆژنامەوانی وەکو بەرهەمهێنانی بەرنامە و بابەتی ڕۆژنامەوانی، یاخود لەڕێگەی چالاکی دیکەی وەکو کەمپین و کردنەوەی خول و ڕاهێنان و هەروەها ئەنجامدانی ڕاپرسی و سیمینار و ...هتد.

لەچوارچێوەی چالاکیەکانی دا بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED)، لە پرۆژەی ساڵی 2019/2018 دا دو ڕاپرسی دیارییکردبو کە ئەنجامی بدات، یەکەمیان کەلەمانگی شوبات ئەنجامدرا، تایبەت بو بە زانینی رای ڕۆژنامەنوسانی گەرمیان لە پێدانی زانیاریی پێیان لەلایەن دەزگا فەرمیەکانەوە، دوەمیشیان ئەم ڕاپرسیەیە کە تایبەتە بە زانینی ئاستی بەشداریی ژنانی گەرمیان لە حکومەت دا.

هەڵبەتە ئامارێکی ورد لەبارەی ژمارەی فەرمانبەرانی ژن لە گەرمیان دا لەبەردەست نیە، بەڵام پێدراوەکان ئاماژە بەوەدەکەن کە ڕێژەکەیان زۆرە و بەلای کەمەوە سێیەکی ژمارەی کۆی فەرمانبەران دەبێت بەتایبەتی لە دامودەزگا شارستانیەکان دا.لەبەرامبەریشدا ڕێژەی ئەو ژنانەی پۆستی باڵای حکومییان لە سنورەکەدا هەیە، زۆر کەم و دیارییکراوە، ئەمەش شۆڕبوەتەوە بۆ ناو بەش و هۆبەکانیش.

پرسیار ئەوەیە: ئایا ژنان تاچەند بەشداریی فیعلین لە بڕیار و پلان و پرۆژە حکومیەکان دا؟ ئایا تاچەند جیاکارییان لەبەرامبەردا دەکرێت بەهۆی لایەنی ڕەگەزییانەوە؟ ئاخۆ بەهۆی ئەوەی ژنن لە پۆست و پلە بێبەش دەکرێن؟

باشترین ڕێگە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە و گەیشتن بە کرۆکی پرسی ڕۆڵی ژنان لە فەرمانگە حکومیەکانی گەرمیان دا، وەرگرتنی وەڵامە لەخودی ژنانەوە، بۆ ئەمەش لە "ڕاپرسیی" وردتر نابینینەوە بۆ ئەوەی بە داتا و ژمارە وەڵامی ئەم پرسانەمان بداتەوە.

ئەم ڕاپرسیەی کە ئەنجامانداوە، لەڕێگەی فۆرمی چاپکراوە بوەوە، بەشێوەیەک لە ڕاپرسیەکەدا 100 فۆرم لە (5) بەڕێوبەرایەتی گشتی (گەشتوگوزار، شارەوانیەکان، چاودێریی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، کشتوکاڵ و ڕۆشنبیری و هونەر) و (2) بەڕێوبەرایەتی (چاودێریی بازرگانی و ئاوی دەوروبەری گەرمیان) و (1) فەرمانگە (ژینگەی گەرمیان)، کە بارەگایان لە قەزای کەلارە دابەشکراوە، زەمینەی وەڵامدانەوەی نهێنی و بەبێ فشار بۆ هەمو بەشداران رەخسێنراوە بە هاوکاری دەزگاکانیان، بۆ ئەوەی دروستترین و واقیعیترین بژاردە هەڵبژێرن و بەوپێیەش دەرەنجامەکان لە ڕاستییەوە نزیکتر بن.

ئامانجمان لە ئەنجامدانی ڕاپرسیەکە، گەیشتنە بە داتایەکی ورد لەبارەی ڕۆڵی ژنان لە حکومەت دا، بۆ ئەوەی ببێتە بنەما بۆ داهاتو بەمەبەستی کار لەسەرکردنی چ لەلایەن حکومەتەوە، چ لەلایەن دامودەزگاکانی گرنگیپێدەر بە مافی ژنان و یەکسانی رەگەزی.

پێویستە لێرەشدا سوپاسی ئەو بەڕێوبەرایەتیە گشتی و بەڕێوبەرایەتی و فەرمانگانە بکەین کە ڕاپرسیەکەیان تێدا ئەنجام دراوە، کە هاوکارێکی باش بون بۆ سەرکەوتنی کارەکەمان.

بەهیوایین ئامانجەکەمان پێکابێت و ڕاپرسیەکەشمان دەرخەرێکی ڕاستەقینەی بۆچون و خواستی ژنانی فەرمانبەری گەرمیان بوبێت، بۆ هەر رەخنە و تێبینی و سەرنجێکیش، دەرگامان واڵایە و پێی گەورە دەبین.

## 2. فۆرمی راپرسی

National Endowment for Democracy
Supporting freedom around the world

**رادیۆی دەنگ**

**یەکەی رۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ**

**راپرسی لەبارەی: ئاستی بەشداریی ژنانی گەرمیان لە حکومەت دا**

---

١. تاچەند هەست بە بونی جیاکاریی رەگەزیی دەکەیت لە دەزگاکەت دا؟

☐ زۆرزۆر ☐ زۆر ☐ مامناوەند ☐ کەم ☐ هیچ

٢. تاچەند پێتوایە ئەگەر "نێر" بویتایە پۆست و پلەی زیاترت لەوەی ئێستا هەتە بۆ دەستەبەر دەبو؟

☐ زۆرزۆر ☐ زۆر ☐ مامناوەند ☐ کەم ☐ هیچ

٣. ئایا رویداوە خۆت یان هاورێیەکت بەهۆی ژن بونەوە لە پۆست و پلەی ئیداریی بێبەش کرابن؟

☐ زۆرزۆر ☐ زۆر ☐ مامناوەند ☐ کەم ☐ هیچ

٤. تاچەند ژنان دەرفەتیان هەیە پۆست و پلەی حکومیی وەربگرن؟

☐ زۆرزۆر ☐ زۆر ☐ مامناوەند ☐ کەم ☐ هیچ

٥. لەپێدانی پۆست بە ژنان لە فەرمانگەکەت دا، چانسی ژنان زیاترە یان پیاوان؟

☐ ژنان ☐ پیاوان ☐ هەردوکیان ☐ نازانم

٦. ئایا بەڕێوەبەران و بەرپرسانی بەش و هۆبەکان وەک یەک لە توانای ژنان و پیاوانی فەرمانبەر دەڕوانن؟

☐ بەڵێ ☐ توانای ژنان بەکەم دەزانن ☐ توانای پیاوان بە کەم دەزانن ☐ نازانم

**زانیاریی:**

تەمەن:

☐ ٢٠ — ٣٥ ☐ ٣٥ — ٥٠ ☐ ٥٠ — بۆ سەرەوە

بڕوانامە:

☐ دکتۆرا و ماستەر ☐ بەکالۆریۆس ☐ دبلۆم ☐ ئامادەیی ☐ ناوەندی و سەرەتایی

## 3. وەڵامی راپرسی

**پرسیاری یەکەم:** تاچەند هەست بە جیاکاری رەگەزیی دەکەیت لە دەزگاکەت دا؟




بە پێی ئەو وەڵامانەی کە دراونەتەوە دەردەکەوێت هەڵبژاردەی"هیچ" جیاوازیەک هەست پێناکەن بە رێژەی 31% وەڵامی زۆرینەی ژنانی فەرمانبەری بەشداری راپرسیەکە بوە، لە بەرامبەریشدا 20% ژنان هەست بە جیاوازیەکی "زۆرزۆر" دەکەن، لەگەڵ 17% ژنان کە هەست بە جیاوازی زۆر دەکەن. هەروەک بژاردەی "کەم" 18%ی وەڵامەکان و بژاردەی "مامناوەند" 14%ی وەڵامەکانیان پێکهێناوە.

**پرسیاری دوەم:**

تاچەند پێتوایە ئەگەر "نێر" بویتایە پۆست و پلەی زیاترت لەوەی ئێستا هەتە بۆ دەستەبەر دەبو؟




دەرئەنجامی ئەم پرسیارە هەڵبژاردەی"زۆرزۆر" تۆپی راپرسیەکەیە واتە رێژەی 30% ی ژنانی بەشداربو پێیانوایە ئەگەر پیاو بونایە پۆست و پلەی زیاتریان دەبو، لەبەرامبەریشدا 29% ژنانی بەشداربو ژنبونیان نەکردوەتە پێوەری وەرنەگرتنی پۆست و پلەی بەرزتر. هەروەک وەڵامی "زۆر" بۆ پرسیارەکە 18%ـە و "کەم" 14%ـە و "مامناوەند" 9% .

**پرسیاری سێیەم:**

ئایا رویداوە خۆت یان هاورێکەت بەهۆی ژن بونەوە لە پۆست و پلەی ئیداری بێبەش کرابن؟




لە دەرئەنجامی ئەم خاڵەدا ئەوە دەرکەوتوە کە نیوەی ژنانی بەشدار بو بە رێژەی 50% وەک شەخسی خۆیان ئەوەیان بەسەردا نەهاتوە بێبەش کرابن لە پۆست و پلەی ئیداری بەهۆی ژنبونیانەوە، لەبەرامبەریشدا 15% بەشداربوان هەڵبژاردەی "زۆرزۆر"یان هەڵبژاردوە، واتا ئەوەیان خستۆتە رو کاتێک داوای پۆست و پلەی ئیداریان کردوە بەهۆی ژنبونەوە بێبەشکراون. هەروەک 14% بە "کەم" و 11% بە "مامناوەند" و 10% بە بژاردەی "زۆر" وەڵامیانداوەتەوە.

**پرسیاری چوارەم:**

تاچەند ژنان دەرفەتیان هەیە پۆست و پلەی حکومی وەربگرن؟




ئەم پرسیارە بەشیوەیەکی گشتی ئاراستە کراوە، لە دەرئەنجامەکەیدا دەبینین 31% ژنان وەڵامی "هیچ" دەرفەتێکیان پێنادرێت هەڵبژاردوە، لەگەڵ 18% کە پێیانوایە تارادەیەکی "کەم" ژنان دەرفەتیان پێدراوە پۆست و پلەی حکومی وەربگرن. بە پێچەوانەوە 20% ژنان رایان جیاوازە و وایدەبینن ژنان دەرفەتی"زۆرزۆر"یان پێدراوە بۆ وەرگرتنی پلەو پۆست، هەروەک 17% وایدەبینن دەرفەتپێدانەکە "زۆر"ە و 14% پێیانوایە "مامناوەند"ە.

## پرسیاری پێنجەم:

لە پێدانی پۆست لە فەرمانگەکەدا، چانسی ژنان زیاترە یان پیاوان؟




ژنانی بەشداربو بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بە ڕێژەی 67% هەڵبژاردەی پیاوانیان دەستنیشانکردوە و لایانوایە چانسی پیاوان لە ژنان زیاترە لە فەرمانگەکەیاندا، لە هەمانکاتدا 5% بەشداربوان لایانوایە چانسی ژنان زیاترە لە فەرمانگەکەیاندا لە پێدانی پۆست، 23% پێیانوایە هەردوکیان چانسیان هەیە و 8% ی بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە.

**پرسیاری شەشەم:**

ئایا بەڕێوبەران و بەرپرسانی بەش و هۆبەکان وەک یەک لە توانای ژنان و پیاوانی فەرمانبەر دەڕوانن؟




لەم خاڵەدا ژنان بە ڕێژەی 46% ڕایانوایە کە تواناکانیان بە کەم دەزانرێت لە لایەن بەڕێوبەر و بەرپرسانی بەش و هۆبەکان. 38% وایدەبین بەڕێوبەر و لێپرسراوی بەشەکان جیاوازی ناکەن لە نێوان توانای ئەمان وەک ژن لەگەڵ فەرمانبەرانی پیاو دا، 15% بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە و 1%یش وەڵامەکەیان ئەوەیە کە توانای پیاوان بە کەم دەزانن.

**زانياری:**

**تەمەن:**




بەشداربوانی راپرسیەکە 78% تەمەنیان لە نێوان 20 بۆ 35 ساڵی دایە، 19% بەشداربوان تەمەنیان 36 بۆ 50 ساڵی دایە، هەروەها بەشداربوانی سەرو پەنجا ساڵ بەرێژەی 3% بەشداربون.

**بڕوانامە:**




هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم، نیوەی بەشداربوانی راپرسیەکەی پێکهێناوە، هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس 20% بەشداربوان بون، هەروەها هەڵگرانی بڕوانامەی ئامادەیی و ناوەندیی لەگەڵ سەرەتایی بە رێژەی یەکسانی 15% بەشداربون لە راپرسیەکەدا.

# 4. دەرەنجامی ڕاپرسی

1. زۆرینەی ژنانی فەرمانبەر هەست بە بونی جیاکاریی ڕەگەزیی دەکەن لە دامودەزگاکانی سنوری گەرمیان، بەشێوەیەک لەکاتی خوێندنەوەی گشتی بۆ وەڵامەکان ئەگەر کۆی جیاوازی هەستپێکراو لە نێو دەزگاکانی حکومەت پۆلێن بکەین بە شێوەی گشتی دەبین ڕێژەی هەستکردن بە جیاوازیە ڕەگەزیەکان 69% دەبێت لە بەرامبەریشدا 31% هەست بە هیچ جیاوازیەک ناکەن.

2. ژنانی فەرمانبەر پێیانوایە ئەگەر لە ڕەگەزی بەرامبەر بونایە، ئەوا دەرفەتی وەرگرتنی پۆست و پلەیان زیاتر دەبو، بەشێوەیەک ڕێژەی 71% ژنان لەنێو دەزگاکانی حکومەت گریمانەیان داناوە بە شێوەی زۆر و کەم کە ئەگەر لە ڕەگەزی "نێر" بوبایەن، ئەوا دەسەڵاتی زیاتر و پۆستی باڵاتریان دەبو لەوەی کە ئێستا وەک ژن هەیانە، لەبەرامبەریشدا 29% ژنان وای دەبینن کە ژن بون نەبوەتە هۆکاری ئەوەی کە پۆست و پلەی باڵاتر وەربگرن.

3. نیوەی ژنانی بەشداربو پێیانوایە کە بەهۆی ژن بونەوە لە وەرگرتنی پۆست و پلە بێبەشکراون. بەشێوەیەک لە شیتەڵی وەڵامی پرسیاری سێیەم دا، لەکاتی بەراوردکردنی گشتی دا دەبینین ژنانی بەشداربو بە ڕێژەی 50% پێیانوایە ڕەتکردنەوەیان "هیچ" پەیوەندی بە ژن بونیانەوە نەبوە بەڵام بەهەمان ڕێژەی 50% پێیان وابوە ژن بون "زۆر زۆر" یاخود تاڕادەیەکی" مامناوند و کەم" هۆکار بوە بۆ ڕەتکردنەوەیان لە کاتی داواکردنی پۆست.

4. ژنان بەگشتی وایدەبینن کە کەمتر دەرفەتی ئەوەیان لەبەردەستە پۆست و پلەی حکومیی وەرگرن. خوێندنەوەی گشتی بۆ ئەنجامی خاڵی چوارەم لە ڕاپرسیەکەدا دەبینین بە ڕێژەی 49% ژنانی بەشداربو ڕایانوایە ژنان "هیچ" یاخود "کەم" دەرفەتیان پێدەدرێت بۆ وەرگرتنی پلەو پۆست، بەڵام 37% بەشداربوان پێیانوایە ژنان دەرفەتی زۆریان هەیە بۆ بەشداری لە پلەو پۆستە باڵاکان ئەمە لە کاتێکدا 14% بەشدار بوانیش پێیانوایە پێدانی پۆست و پلە بەژنان تارادەیەکی "مامناوەند"ە.

5. بەشیوەیەکی گشتی ژنان وایدەبینن کە چانسی ئەوان بۆ وەرگتنی پۆست بەبەراورد بە پیاوان کەمترە، تەنها 5% ڕایانوایە لە فەرمانگەکانیاندا چانسی ژنان لە پیاوان زیاترە بۆ وەرگرتنی پۆست، لە بەرامبەردا زۆرینەی ژنانی فەرمانگەکان، وایدەبینن چانسی پیاوان زیاترە لە فەرمانگەکەیان بەشێوەیەک کە 64% ئەم ڕایەیان لاپەسەند بوە، لەگەڵ ئەمەشدا 23% بەشداربوەکان ڕایانوابوە بۆ ژنان و پیاوان هەمان هەل ڕەخساوە بۆ وەرگرتنی پۆست لە فەرمانگەکەیاندا.

6. دەرئەنجامی گشتی بۆ وەڵامی پرسیاری شەشەم، ئەوەیە کە توانای ژنان لەلایەن بەڕێوبەری و بەرپرسانی دەزگا و بەشەکانی بەکەم دەبینرێت، بەشێوەیەک تەنها بە رێژەی 1% رایانوایە پیاوان تواناکانیان کەمتر دەبینرێت لە لایەن بەڕێوبەران و بەرپرسانی بەشەکانەوە، لەبەرامبەریشدا 36% پێیان وایە بەڕێوبەر و بەرپرسانی بەش و هۆبەکان توانای ژنان بەکەم دەزانن لە فەرمانگەکەیاندا.

# 6. راسپاردەکان

1. بەپشت بەستن بە شیتەڵی راپرسیەکە، وایدەبینن کە بنەمایەکی یەکسان و عادیلانە نیە بۆ پێدانی پۆست و پلە بە ژنانی فەرمانبەری گەرمیان، ئەمەش نەنگیەکی بەرچاوە لە ئیدارەی سنورەکە، بۆیە دەبێت لە دەستنیشانکردنی بەڕێوبەری دەزگاکان و دانانی بەرپرسانی بەش و هۆبەکان دا رەچاوی باڵانس و هاوسەنگیی رەگەزی بکرێت.

2. دەبێت عەقڵیەتی ئیداریی جیاواز بێت و بەچەند هەنگاوێک لە پێش عەقڵیەتی کۆمەڵایەتیەوە بێت، لەکاتێکدا دەبێت دەسەڵات کار لەسەر دۆخە کۆمەڵایەتیەکە بکات و هەوڵی بەرەوپێشەوەبردنی بە ئاراستەی باشتر و چاکسازییدا بدات، کەچی هەستدەکەین خۆی کەوتوەتە ژێر کاریگەریی رەوشە کۆمەڵایەتیەکەدا و شەرمنانە لەگەڵ دۆزی ژن دا مامەڵەدەکات و تەماشاکردنی ژنان بە چاوێکی کەمتر لە پیاو لە کۆمەڵدا هەیە لەمیش رەنگی داوەتەوە. ئەمەش خاڵێکی نەنگە و دژە بە بنەما جیهانی و یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم، دەبێت هەرچی زوە هەوڵی کۆتاییپێهێنانی بدرێت.

3. پێشنیاز دەکەین فەرمانگەکانی سنورەکە رێژەیەک دیاریی بکەن بۆ پۆستەکان لەسەر بنەمای رەگەز، وەکچۆن "کۆتا" و رێژەی تایبەت بە ژنان هەیە لە پارلەمان و ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان دا، ئەواش لە حکومەت دا رەچاوی ئەمە بکرێت و کار بەم بنەمایە بکرێت.

4. دەتوانرێت وەکو دەستپێشخەرییەک بۆ هاوسەنگ کردنەوەی ئەو بارە لاسەنگە رەگەزییەی لە پۆستەکاندا هەیە، بکرێت بە مەرج کە جێگر یان یاریدەدرێتی بەڕێوبەرانی ئەو دامودەزگایانەی کە لە رەگەزی نێرن، لە رەگەزی مێ بن، ئەمە بۆ بەش و هۆبەکانیش هەر دروستە.

5. بەپێویستی دەزانین خول و راهێنانی تایبەت بە دامودەزگاکان بکرێتەوە بۆ قوڵکردنەوەی چەمکی یەکسانی رەگەزیی و بەرقەرارکردنی یەکسانی نێوان ژن و پیاو، بۆ ئەمەش رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دەشێت رۆڵی بەرچاو بگێڕن.

## بۆ پەیوەندی

**ناونیشان:** رادیۆی دەنگ، کەلار، فەرمانبەران، بەرامبەر قوتابخانەی (کوردۆ قاسم).

**تەلەفۆن:** 07480207400 - 07701627361

**وێبسایت:** www.radiodang.org

**ئیمەیڵ:** mrov.radiodang@gmail.com - radiodeng@yahoo.com